


# بنەماڵە و دەسەڵات و یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە

سەلاّحی گەرمیان / سیدنی
germiyan@hotmail.com

## سەرتاییەکی پێویست

هەروەکو چۆن لە ولاّتانی عەرەبنشین و ئەو ولاّتانەی تا ئێستا لە بواری کۆمەلاّیەتییەوە بە جێماون و لە قۆناغێکی دواکەوتودا ئەژین بە بەراورد لە گەڵ دونیای مودێرندا. لە سەردەمێکدا کە کۆمەڵێك پرنسیب و بنەمای پەیوەندییەکان، نێوان خەڵك و شێوەی دەسەلاّت و سیستەمی سیاسی رێك ئەخات و تارِادەیەك تاکەکەس بێ ئاگا نییە لە رِوداوەکان و بگرە دەورو نەخشیش ئەبینێت لە دارشتنی شێوەی دەسەلاّت و جۆری بریاردان. لە کوردستانیشدا پەیوەندی خێڵەکی و دەسەلاّتی بنەماڵە و زاڵبونی دەسەلاّتی سەرەك خێڵ کە هەر خۆی ئەبێت، سەرکردەی حیزب ومەرجەعی برِیاردان بێت و دەنگ نیە بەرزتر بێتەوە لە سەروی دەنگی ئەو، پەیرِەو ئەکرێت. هەروەها دیاردەی شەخسپەرستی کە لە لایەن دەسەلاّتەوە بە هەموو شێوەیەك بەهێز ئەکرێت، دیاردەیەکی زەق و بەرچاوە لە ناو خەڵك بە گشتی و لایەنە دەسەلاتدارەکان وحیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا بە تایبەتی. ئەویش هەر هەمان هۆ بو کە لە شەستەکانەوە لە ناو خەڵکی کوردستان لایەنگرانی پارتی بە ناوی "مەلایی" ئەناسران، بەرامبەر بە باڵی گوایە رادیکاڵی ناو ئەو حیزبە کە بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد هاتە کایەوە و ناسرا بو بە باڵی "جەلالی" تا کاتی ناوگورینی بە پارتی شۆرشگێری کوردستان و پێش هەڵواشدنەوەی و جارێکی تر یەکگرتنەوەی لەگەڵ باڵی سەرەکی پارتی "مەلایی" لە دوای رِێکەوتنامەی 11 ئازاری 1970.

دوای ئاشبەتاڵی 1975 و دامەزراندنی یەکیتی نیشتمانی کوردستان کە "کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان" هێزی سەرەکی بو تیایدا و دواتر ناوەکەی گۆردرا و ناسرا بە "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان". ئەوەبو دواتر جەلال تاڵەبانی بە حوکمی شارەزایی و رابردوی سیاسی و پەیوەندی بتەوی لە گەڵ ئەو کەسایەتییانە کە پێشتر هاوسەنگەری بون لە ململانێی نیوانیان لە گەڵ بنەماڵەی بەرزانی و باڵی مەلاییدا، توانی دەسەلاتی "خەتی پان" و شەخسی خۆی زاڵکات لە ناو یەکیتیدا تا ئەو رادەیەی کە خۆی وەك مەرجەعی برِیاردان جارێکی تر هاتە گۆرەپان وەك سەرکردەی باڵێکی بزوتنەوەی کوردایەتی. دیارە هەر لەو ساڵانەی دوای ئاشبەتاڵ جارێکی تر بنەماڵەی بەرزانی و مەلاییەکان، سەرکردایەتی کاتی پارتییان دامەزراند کە ناسراو بوو بە "قیادە موەقەتە" کە هەر لە سەردەمی شاخدا لە ململانێدا بون لە گەڵ یەکێتیدا بۆ دەستبەسەرا گرتنی بزاڤی نوێی کوردایەتی بە هەڵگرتنی دروشمی "ئەگەر شورشمان پێ

نەكرێت، خۆ شورشمان پیّ تێك ئەدرێت"، تا پێكهێنانی بەرەی كوردستانی كە بەرەیەكی لاواز بو و لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی حیزبی هەردولا سەریهەڵدا بو. زۆری نەخایاند شەڕو پێكدادان سەریهەڵدا بەمەست بەلاوەنانی یەكتری و گرتنی دەسەلاّت، بە ڕادەیەكی زۆر ناشارستیانە و بیّ سڵكردنەوە لە ئەنجامەكانی و گوێنەدان بە هەستیاری بارودۆخەكەو ماڵوێرانی خەڵك. لە ئەنجامدا دوو دەسەلاّتی حیزبی و دوو ئیمارەت و دوو حكومەت و یەك پەرلەمانی ئیفلیجی لە كاركەوتوی لێبوەوە. تا 2006/1/7 كە وەك مژدە و پەیامی خۆشی بە دیاری و جەژنانە بۆ خەڵكی كوردستانیان پێشكەش كرد.

## دەسەلاّتی بنەماڵە و دواڕۆژی ئیدارەی یەكگرتوو

بەڵی یەكگرتنەوەی هەردو ئیدارە ڕاگەیێنرا و دەزگای ڕاگەیاندی هەردولا بە شۆڕو شەوقێكی كەمتر لەوەی كە بۆ پۆستی سەرۆكایەتی عێراق و سەرۆكایەتی هەرێم بایەخییان پێدا، ئەو شایلۆغانەی كە سازكرا بۆ وەدەستهێنانی پۆستەكان، لە یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لە ئارادا نەبو. دیارە ئەوە تەنیا سەرەنجێكە و پێویستە بخرێتە ڕو، كە خۆی لە خۆیدا پرسیار ئەورژێنێت و وەلاّمەكەشی بێگومان لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە كە مەبەستی ئەم نوسینەیە و ئەوەی كە تیایدا لە پێشتردا ئاماژەی بۆكرا و جێگای سەرنجدان و تاوتۆیكردنەوەی ئەو عەقلییەتەیە كە زاڵە بە سەر هەردوو حیزبی خاوەن دەسەلاّتدا. خاڵە هاوبەشەكانی هەردو حیزب و ئیدارە زۆرن لە سەروی هەمویانەوە دیاردەی گەندەڵییە كە تا مۆخییان چوەتە خوارەوە و هیچ لایەكیان ناتوانێت گلەیی لەویتریان بكات و بیكاتە مەرج و خاڵی لاوازی بە سەرییەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو لایەنە هاوبەشانە نیە و ئەو لایەنانەی تریش نیە تا ڕادەیەكی زۆر ئەتوانن كە بە تەوافقە حەیاتەكە بیبرێننەوە. بەلكو لەوەدایە، چۆن حوكمی بنەماڵە كە دیاردەیەكی حاشاهەڵنەگر و باوە لەناو سەركردیاتی پارتییدا و دیارە كە هەرزەكارێكی ناو بنەماڵەی بەرزانی دەسەلاّتی زاڵە بە سەر هەموو سەركردایەتی و ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و كونترین ئەندامانی پارتی و وزیرەكانی حكومەتی هەرێم تا ئەگاتە سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان كە بە ناوە نوێنەرانی " گەڵن " *.

هەرچەندە بونی تاكڕەوی و زاڵبونی دەسەلاتی تاكەكەس لە ناو یەكێتیشدا ئاشكرایە، بەلاّم پەیوەندی خێڵەكی و دەسەلاّتی بنەماڵە لە ناو ڕیزەكانی یەكیتی بە دی ناكرێت وەك ئەو دیاردەیەی كە لە ناو پارتییدا هەیە. ئێستا ئەو هەنگاوەی كەنرا بۆ یەكگرتنەوەی هەردو ئیدارە سەرەڕای شێواز و كەموكوڕی و پەیڕەو نەكردنی دیموكراسی و ماڵ دابەشكردنی برایانە لە نیوان هەردولادا، بە هەنگاوێكی بەرەوپێش وپۆزەتیڤ دا ئەنرێت بەو مانایەی كە بونی ئەو ڕێكەوتنە بەو شێوەیەش، دەیان جار باشترە لە نەبونی و یان لە مانەوەی دو ئیدارە. لێرەدا مەبەست باسكردن لە چونیەتی و هۆكانی ئەو ریكەوتنە نیە. بەڵكو خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە كە لە شێوەی پەیوەندییەكانی ناو دەسەلاّتی یەكگرتودایە. و پرسیار ڕوبەڕوی هەردولا ئەبێتەوە و بە تاییەتی سەركردایەتی یەكیتی نیشتمانی كوردستان و زیاتریش ئەو بەرپرسانەی كە پۆستی وەزارەتەكان و ئیدارە بالاّكانی حكومەتی یەكگرتو ئەگرنە ئەستۆ:

- تۆ بڵی باس لەو دیاردە زەقەی دەسەلاّتی بنەماڵە كرابێت لە وردەكاری ناو ڕیكەوتنەكەدا؟

- **ئايا بەرپرسانی یەکیتی کە پوست ئەگرنە دەست تا چی رادەیەك ئەتوانن روبەرو ببنەوە لە گەڵ ئەندامانی بنەماڵەی خاوەن دەسەلات (سەرۆکی هەرێم) لەو مەسەلانەی کە بە خۆیان رەوا ئەبینن دەستی تێوەردەن (هەڵبەتە هەموو شتێك بۆ خۆیان رەوا ئەبینن)؟**
- **تۆ بلی ئەوەشیان بە تەوافق برِیبیێتەوە، و بەرامبەر سنوری دەسەلاتی ئەم بنەماڵەیە، بنەماڵە سەرکردەی ئەولاش هەمان دەسەلاتی بۆ دەستنیشانکرا بێت؟ خۆ ئەگەر وابێت ئەوا هەش بەسەر خەڵکی کوردستان.**

**هیچ گومان هەڵناگرێت ئەگەر دەسەلاتی خیلەکی و بنەماڵە وەکو باوە، بنبر نەکرێت (ئەوەش زۆر ئەستەمە) یان ئەگەر سنوری بۆ دانەنرێت، ئەوا ئاخری ئەم رێکەوتنە و خەڵکی کوردستان خێر بێت. هەر لە ئیستاشەوە ئەکرێت بلێین ئەمجارەش هیچمان لە هیچ.**

2006/1/14

---

* بە مەبەستەوە وشەی "گەل" م وانوسی چونکە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی سویندخواردندا لە بری "گەل" وشەی "گەڵ" یان بە سەرزاردا ئەهات. هیوادارم کە هەڵەی سەرزارەکی بێت و ئاوا نەروانن گەل.